ژنێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە درایە بەر چەقۆ و گیانی لەدەستدا



ژنێک لە ئیلام-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هاوژینەکەیەوە بە چەقۆ کوژرا.

ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی هەنگاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاندووە، ئافرەتێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لە ئیلام درایە بەر چەقۆ و لەئەنجامدا ئافرەتەکە گیانی لەدەستدا، هۆکاری کوشتنەکە لەژێر ناوی دەستەواژەی "ناکۆکی خێزانی" ڕاگەیەندراوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان، ژنێکی تەمەن 46 ساڵ، لە ئیلام بەهۆی سەختی برینەکانی کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لێی درابوو کەوتبوو، دوای ئەوەی بە نەخۆشخانە گواستراوەتەوە و لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدا.

بەگوێرەی ماڵپەڕەی حکومی ئیرنا، بکوژەکە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و دانی بە کوشتنی خێزانی کردووە و هۆکاری کوشتنی هاوسەرەکەی بە ناکۆکی خێزانی ڕاگەیاندووە.